www.kurdistannet.org
4-10-2006 19:21بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# تۆ بلّی ی بەشە بەنزین هێندە بێنی ... لەپەراوێزی سەردانەکەی وەفدی کۆمەلەی قوربانیانی کیمیابارانی هەلەبجە بو لای بەریز وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفال. ... کەریم کەریم الله

بەهۆی بەسوتفە نازەدکردنی شەهیدانی کیمیابارانی هەلەبجەی شەهید لە لایەن وەزیری شەهیدان وکاروباری ئەنفال لێرە و لەوی لە روپەڕی هەندی لە رۆژنامەناوخۆی یەکانی کوردستانی باشور چەند سایتیکی سەر تۆری ئەنتەرنێت بۆ نارەزایی دەربڕین لەلایەن چەند نوسەرێکەوە سەرنج وتێروانین و رەخنە ئاراستەی وەزیری ناوبراو کران. لە هەموان زیاتر کە مەسەلەکەیان وروژاند کامیل عبدوالقادر ئەندامی دەستەی کارگێری کۆمەلەی قوربانیانی
کیمیابارانی هەلەبجە بوو کە لە لێدوانەکانیدا دوپاتی دەکردەوە وەزیری بەرێز سوکایەتی بە شەهیدانی هەلەبجە کردووە و بە شەهیدی سوتفەی ناوبردوە. تا ئەو رادەیەی ئامادەیی بۆ دادگا دەربریوە بەلگەی تۆمارکراوی کردبویە پالپست بۆ راستی قسەکانی کە خاتوو چنار بە شەهیدی سوتفە ناوی شەهیدانی هەلەبجە دەبات؟
تا ئێرە مەسەلەکە ئاسایی یە بنەمالّە و کەسوکاری شەهیدانی هەلەبجە و خەلکی هەلەبجە بەرگری لە راستەقینەی شەهیدەکانی خۆیان بکەن بەلام ئەوەی ئاسایی نی یەو جێگەی مشت و مڕە ئەم لێدوانە سەرنج راکێش و پەشیمان ئامێزەی کاك کامیل عبدالقادری ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەلەکە یە کە لەبەردەم جەنابی وەزیر دا دەفەرموێت: من لە نوسینێکی خۆمدا ئاماژەم بەوە داوە کە هیچ گومانێکم لە دلسۆزی جەنابی وەزیر نیە لەو مەسەلەیەدا و راگەیاندنەکان زیادەرۆییان کرد لە گواستنەوەی مەسەلەکاندا. ئەمە نە قەولولی منە و نە زیادەرەوی راگەیاندنەکانە بەلام لێرەوە من بە کاك کامیل دەلّێم برالە گیان خۆ هەفتەیەك نابێت لە لیدوانەکانت دا دەتفەرموو بە بەلگەوە دەیسەلمێنم و بە فلمی فیدیۆی لامە کە چنار خان وتویەتی شەهیدانی کیمیابارانی هەلەبجە شەهیدی سوتفەن و ئامادەی روبەروبونەوەی دادگاشم لەم بارەیەوە. برالە گیان خۆ کەس نە زۆری لی کردبویت ئەو جۆرە لیدوانانە بدەیت و نەپەشیمانی تۆش دادی خاتوو چنار سەعد دەدات کە سوکایەتی بکات بە شەهیدانی شاری هەلەبجە و گەلی کوردستانەوە.
ئەوەش باش بزانە تۆ خاوەنی شەهیدانی هەلەبجەنیت تا بتوانیت بەو پەشیمان نامەیەت شفاعەت بۆ جەنابی وەزیر لەبەردەم حەقیقەت و مێژوودا بکەیت؟ راستە کۆمەلّی ئازیزت لەگەل ئازیز گەلێکی کورد دا شەهید بوون ئەمەش مانای ئەوە نییە تۆ بۆ مەرامی تایبەتیت پەشیمانی دەرببڕیت؟بەهەرحالّ تۆ لەو لێدوانانەت پەشیمان دەبیتەوە ئەوە ئازادیت بەلاّم هەر بۆ مێژوو تکایە لەدەفتەری بیرەوەری یەکانت دا بنوسە کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی 2\ 10\ 2006 رۆژی پەشیمان بونەوەم و بوختانکردنم بۆ راگەیاندن. تکایە مامۆستای بەرێز ئەم مێژووەت لەبیر نەچی؟
لەمەش سەیر تر گەلی برادەرینە تەنیا ماۆستا کامیل عبدالقادر نییە پاکانە پردەکاتەوە بەلّکو کۆمەلّەی قوربانیانی کیمیابارانی هەلەبجە لەژێر فشاری برینی بەشە بەنزینی کۆمەلەکەیان لەلایەن وەزیری ناوبراووە کە لەکۆبونەوەیەکی رۆژنامەنوسی دا رایگەیاند ووتی: ئیمە ئەوەندە لەگەل ئەو ریکخراوەی هەلەبجەدا باشین کە دێنە لامان یارمەتی تەواویان دەدەین تەنانەت بەنزینی هاتوچۆکەیان بۆ سەرف دەکەینەوە؟ هەر لەبەر ئەوەی نەبادا جەنابی وەزیر زویر بێت و نهێنی دیکە بدرکێنی محمەد فەرەج وەك زمانحالّی کۆمەلّەکە بەناوی کۆمەلەکەوە داوای لێبوردن لە جەنابی وەزیر و وەزارەتەکەیدەکات و کاکە محمەد یش بە دەردی کامیل دیسانەوە راگەیاندن تاوانبار دەکات تکایە سەرنجی ئەم رستانە بدەن:محمەد فەرەجیش

4-10-2006 19:21 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

به ناوی کۆمەلەکەوە گووتی: داوای لیبووردن لە بەڕێز چنار خان و وەزارەت دەکەین لەوەی کەڕیداوە و دەبوایە ئینساف و ویژدان لە گواستنەوەی مەسەلەکاندا هەبوایە نەك شێواندنی ڕاستییەکان.

بەڕاستی مایەی قسە لەسەر کردنە کاتێك لە زمانی کۆمەڵەی ناوبراوەوە مەلەسەلەی سوکایەتی بە شەهیدانی هەلەبجە لەسەر زاری جەنابی وەزیرەوە دەگوازریتەوە بۆ سەر راگەیاندن بەلام ئیستا بەپیچەوانەوە پالەوانەکانی کۆمەلەی ناوبراو بۆ رازیی کردنی جەنابی  وەزیر درۆ بەدەمی مردووە دەکەن و راستییەکان ئاوەژوو دەکەن و راگەیاندنەکان تاوانبار دەکەن لە کۆتاییی دا من هەرئەوەندە دەڵێم ئەسەف بۆ ئەوانەی ئیوە بە نوینەری راستەقینەی خۆیان دەزانن کە لەترسی برینی بەشە بەنزینی هاتوچۆی نیوان شاری شەهیدانی سوتفە و هەولێر پاکانەتان نوسسی؟سلاو لەو شەهیدانەی بۆیرانە شەهید بوون و سلاو لە ئیوەش پاکانەتان نوسسی. بۆ راستی بابەتەکەمان تکایە سەیری ئەم هەوالە بکە؟:

http://kurdistannet. biz/2006/10-2006/4-10/komelei. pdf